# About us

**هیوا، ئومێدێک بۆ ئەمڕۆ، ژیانێک بۆ بەیانی**

هیوا تەنها ناوێکی سادە نییە، بەڵکو بزووتنەوەیەکی مرۆیی نێودەوڵەتییە کە لە ساڵی ٢٠٢٢ وەک ڕێکخراوێکی خێرخوازیی فەرمی لە بەریتانیا تۆمارکراوە. ئێمە لە کۆمەڵێک پسپۆڕ و خۆبەخشی خاوەن ئەزموون پێکهاتووین کە لە پاشخانە کلتوورییە جیاوازەکانەوە، لەژێر چەتری مرۆڤایەتیدا کۆبووینەتەوە. کارەکانمان سنوورە جوگرافییەکان دەبەزێنن بۆ گەیشتن بەو ناوچانەی کە بەدەست جەنگ، وشکەساڵی و هەژارییەوە دەناڵێنن. ئێمە بڕوامان بە یارمەتیی کاتی نییە، بەڵکو لە ڕێگەی بونیادنانی نەخۆشخانە، قوتابخانە و ناوەندی حەوانەوە، ژێرخانێکی پتەو بۆ دواڕۆژی منداڵانی بێناز و کەمئەندامان دروست دەکەین تا بتوانن پشت بە خۆیان ببەستن.

## نەخشەڕێگەی هیوا

**پەیامی پیرۆزی ئێمە کەمکردنەوەی ئازارەکانە لە ڕێگەی ئەم سێ بنەمایەوە:**

**فریاگوزاریی بەپەلە:** گەیاندنی خۆراک، دەرمان و پێداویستییە سەرەتاییەکان لە کاتی قەیران و کارەساتە سروشتییەکاندا بە خێراترین کات و بێ دواکەوتن.

**پەرەپێدانی بەردەوام:** جێبەجێکردنی پرۆژەی دوورمەودا کە هەلی کار و سەربەخۆیی دارایی بۆ خێزانە دەستکورتەکان دابین دەکات، بۆ ئەوەی لە وەرگرەوە ببنە خاوەن کار.

**بونیادنانی مرۆیی:** گۆڕینی ژیان لە ڕێگەی نۆژەنکردنەوەی کەرتی تەندروستی و ڕەخساندنی ژینگەی خوێندن بۆ ئەو منداڵانەی کە هەژاری لە قوتابخانە بێبەشی کردوون .

## ئاسۆی هیوا

ئێمە کار دەکەین بۆ بونیادنانی جیهانێکی دادپەروەر کە تێیدا هیچ مرۆڤێک بەهۆی هەژاری یان نەبوونی دەرفەتەوە لە مافە بنەڕەتییەکانی وەک ئاوی پاک، خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان و خوێندن بێبەش نەبێت. ئامانجمان ئەوەیە ببینە پێشەنگ لە دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی سەربەخۆ کە تێیدا کەرامەتی مرۆیی بۆ هەمووان پارێزراو بێت.

## بنەما ئەخلاقییەکانی کارکردنمان ( بۆچی متمانەمان پێ دەکەن؟ )

**ئەم بنەمایانە ناسنامەی ئێمەن و دەستپاکیمان لە کارکردندا دەسەلمێنن :**

**شەفافیەتی ڕەهای دارایی** : ئێمە تەواوی هاوکارییەکانتان بە ئەمانەتێکی گەورە دەزانین. سیستەمی وردبینی و شەفافیەتمان ڕێگە بە بەخشەران دەدات بە وردی ئاگاداری شوێن و کاتی خەرجکردنی بەخشینەکانیان بن لە پرۆژە جیاوازەکاندا.

**دەستپاکی لە گەیاندندا:** پابەندین بەوەی هاوکارییەکان بەوپەڕی ئەمانەتەوە بگەیەنینە دەست شایستەترین کەسەکان (منداڵانی بێناز و خێزانە کەمدرامەتەکان و هتد .. ) تاوەکو زۆرترین کاریگەریی ئەرێنی دروست بکەین.

**پاراستنی کەرامەتی مرۆیی:** ڕێزگرتن لە شکۆی مرۆڤەکان ئەولەویەتی یەکەمانە. ڕێگە نادەین یارمەتیدان ببێتە هۆی شکاندنی کەسایەتی هیچ خێزان و منداڵێک ، ئێمە بۆ خزمەت لێرەین نەک بۆ ریکلام.

**بێلایەنی و یەکسانی :**هاوکارییەکانی ئێمە بەبێ ڕەچاوکردنی ئایین، نەتەوە، ڕەگەز یان بیروڕای سیاسی دەگاتە دەست هەموو ئەو مرۆڤانەی لە لێواری مەترسیدان.

**ستراتیژی کار** ( پیشەییبوون لە خزمەتکردندا )

ئێمە لە هیوا بە شێوازی کلاسیکی کار ناکەین ، پرۆژەکانمان لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەی مەیدانی و پێداویستییە ڕاستەقینەکان دادەڕێژرێن :

**سەرپەرشتیی پسپۆڕانە :** تیمە پسپۆر و مەیدانییەکانی ئێمە ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی پرۆژەکان دەکەن بۆ دڵنیابوون لە بەرزترین کوالێتی.

**بونیادنانی خوبژێوی :** جەخت لەسەر **پرۆژەی بەرهەمهێنەر** دەکەینەوە ، وەک دابینکردنی ئامێری دوورمان، لێدانی بیر یان دروستکردنی کێڵگەی بچووک.

**گۆڕینی ژیان :** ئامانجمان ئەوەیە خێزانەکان لە **( وەرگرتنی یارمەتیی کاتی )**یەوە بگۆڕین بۆ **( خاوەن داهاتی بەردەوام )**

**شوێنپەنجەی هیوا**

گەیاندنی هاوکاری و گۆڕینی ژیانی پتر لە **٥ ملیۆن کەس** لە ناوچە هەرە هەژارنشینەکان.

بونیادنانی سەدان بیری ئاوی پاک لەو شوێنانەی کە مرۆڤەکان بە کیلۆمەتر بۆ دەستکەوتنی ئاو دەڕۆیشتن.

دابینکردنی پرۆگرامی پشتگیری مانگانە بۆ هەزاران مندالی بێناز و دابینکردنی پێداویستی خوێندن و تەندروستییان.

**ئێمە تەنها پردێکین بۆ گەیاندنی چاکەکانی تۆ. ئەمڕۆ، بەخشینەکەی تۆ دەبێتە دەرمان بۆ نەخۆشێک، ژەمە خۆراکێک بۆ منداڵێکی برسی، یان بیرێکی ئاو بۆ گوندێکی تێنوو. مەڵێ بەخشینەکەم کەمە، چونکە دڵۆپە بارانەکان دەبنە دەریا .وەرە و ببە بە بەشێک لەم خێزانە گەورەیە.**

# Home Page

## هیوا، بونیادنانی داهاتوو لە ڕێگەی فریاگوزارییەکی ئامانجدار و بژێوییەکی بەردەوام

هەر هەنگاوێکی فریاگوزاری، دەسپێکی پڕۆژەیەکی بونیادنەرە. ئێمە فریاگوزارییەکانمان دەکەینە سەرەتایەک بۆ چەسپاندنی پایەکانی ژیانێکی سەربەخۆ ، پڕۆژە خێراکان وەک ئەرکێکی مرۆیی دەبینین بۆ تێپەڕاندنی قەیرانەکان، تاوەکو ڕێگا خۆش بکەین بۆ بونیادنانی داهاتوویەک کە تێیدا مرۆڤەکان بە ڕەنج و تواناکانی خۆیان، سەقامگیریی دارایی و کۆمەڵایەتی بەدەست بهێنن

## ئامارە گشتیەکان

- **+١٠,٠٠٠** خێزان.
- **+٥٠** بیری ئاو.
- **٢٥** گوند.
- **٥٤٠** منداڵ

**"ئەم ئامارانە تەنها ژمارە نین، بەڵکو چیرۆکی گۆڕینی ژیانی ئەو مرۆڤانەن کە بە هاوکاریی ئێوە گەیشتوونەتە کەناری ئارامی".**

## پڕۆژەکان

1. **بەشی پڕۆژە کارایەکان**
   - **دیزاین** : کارتێک کە وێنەیەکی کاریگەری پڕۆژەکە تێدایە لەگەڵ Progress Bar
   - **ناونیشان** : نمونە ( بونیادنانی بیری ئاو )
   - **Button** : ( ببە بە بەشێک لەم پڕۆژەیە )
   - **Button** : بودجە و پلانی تێچووەکان PDF
2. **بەشی پڕۆژە تەواوکراوەکان**
   - **Button** : ڕاپۆرتی کۆتایی پڕۆژە (PDF)
3. **بەشی پڕۆژە بەردەوامەکان ( ئەم بەشە بۆ پشتگیری درێژخایانە )**
   - **ناونیشان** : نمونە ( کەفالەتی منداڵانی بێناز )
   - **ئامار** : تا ئێستا: ٥٤٠ منداڵ | ئامانج: ١٠٠٠ منداڵ.
   - **Progress Bar**
   - **Button** : ( کەفالەتی منداڵێک بگرە ئەستۆ )
   - **Button** : سیستەمی شەفافیەت لە پڕۆژە بەردەوامەکاندا PDF

## بنەما ئەخلاقییەکانی کارکردنمان ( بەکورتی )

**شەفافیەتی ڕەها :**تەواوی هاوکارییەکانت بە ئەمانەت دەزانین، وردەکاری خەرجکردنەکان بۆ هەموو بەخشەرێک ئاشکرایە.

**دەستپاکی و ئەمانەت :**گەیاندنی هاوکارییەکان بەوپەڕی وردییەوە بۆ شایستەترین کەسەکان و منداڵانی بێناز.

**پاراستنی کەرامەت :**شکۆی مرۆڤ هێڵی سوورە، ئێمە لێرەین بۆ خزمەتکردن نەک بۆ ڕیکلامکردن بە ئازاری خەڵکەوە.

**بێلایەنی و مرۆڤایەتی :**هاوکارییەکانمان بێ جیاکاری ئایین و ڕەگەز، تەنها لەپێناو مرۆڤایەتیدا دەگاتە شوێنی مەبەست.

# Transparency & Trust

**شەفافیەت، پایەی سەرەکی کارەکانمانە.**

لە ڕێکخراوی هیوا، ئێمە بڕوامان وایە کە هەر بڕە هاوکارییەک کە پێمان دەگات، ئەمانەتێکی گەورەیە. شەفافیەتی دارایی لای ئێمە تەنها ئەرکێکی یاسایی نییە، بەڵکو بەڵێنێکی ئەخلاقییە کە بە بەخشەرەکانمانی دەدەین .

## دابەشکاری دارایی ( بە Chart )

**داتا ( نمونە ) :**

**٪۸۵ پرۆژە مرۆییەکان** : ( ____________ )

**٪۱۰ وردبینی و بەدواداچوون** : تێچووی تیمە مەیدانییەکان بۆ دڵنیابوونەوە لە گەیشتنی ئەمانەتیەکان

**٪۵ تێچووی ئیداری** : ( ماڵپەڕ + بانک ، ئیداری ، هتد ..... )

### ڕاپۆرتە فەرمییەکان.

**ناونیشان :**ڕاپۆرتە داراییەکان و وردبینی ساڵانە.

**ناوەڕۆک :**ئێمە ساڵانە ڕاپۆرتی دارایی وردبینیکراو بڵاو دەکەینەوە بەپێی ستانداردەکانی Charity Commission لە بەریتانیا .

**داگرتن :**دوگمەی PDF بۆ (ڕاپۆرتی ۲۰۲٤، ڕاپۆرتی ۲۰۲۳).

## سیستەمی وردبینی

**ناونیشان :**پرۆسەی گەیاندنی ئەمانەتیەکان.

**قۆناغەکان :**

- **قوناغی لێکۆڵینەوە :**دەستنیشانکردنی شایستەترینەکان لەلایەن تیمە مەیدانییەکانەوە.
- **قوناغی بەڵگەکردن :**تۆمارکردنی وەسڵی واژۆکراو و وێنە و ڤیدیۆ لە کاتی وەرگرتنی هاوکاری.
- **قوناغی فیدباک :**ناردنەوەی ڕاپۆرتی جێبەجێکردن بۆ بەخشەر.

## پابەندییە یاساییەکان

**ناونیشان :**پاراستنی زانیارییەکان و یاسا.

ئێمە بە توندی پابەندین بە یاسای GDPR و زانیارییە کەسییەکانی بەخشەران هەرگیز بە لایەنی سێیەم نادەین.
هەموو پرۆسە داراییەکانمان لە ژێر چاودێری یاسا کارپێکراوەکانی بەریتانیادایە

## پەیوەندی ڕاستەوخۆ

**ناونیشان :**هێڵی پەیوەندی شەفافیەت.

بۆ هەر پرسیارێکی دارایی یان وردەکاری زیاتر دەربارەی تێچووی پرۆژەکان، دەتوانیت ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە بەشی وردبینییەوە بکەیت:

**ئیمەیڵ :** ________________

# Privacy Policy

## 1. پابەندبوونی ئێمە

لە ڕێکخراوی هیوا، پاراستنی زانیارییە کەسییەکانت لە کارە لە پێشینەکانمانە. ئێمە پابەندین بەوەی هەموو زانیارییەک بەوپەڕی پارێزگارییەوە و بەپێی یاسای گشتی پاراستنی زانیارییەکانی بەریتانیا (UK GDPR) مامەڵەی لەگەڵ بکەین.

## 2. چ جۆرە زانیارییەک کۆدەکەینەوە؟

ئێمە تەنها ئەو زانیاریانە کۆدەکەینەوە کە پێویستن بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەی بەخشین و پەیوەندیکردن لەگەڵت، ئەوانیش بریتین لە:

- **زانیاری کەسی :**ناو، ئیمەیڵ، ژمارەی مۆبایل و ناونیشانی نیشتەجێبوون.
- **زانیاری دارایی :**زانیارییەکانی کارت یان بانکی بۆ پرۆسەی بەخشین.
- **زانیاری باج :** بارودۆخی Gift Aid ( بۆ کاروباری باجی بەریتانیا )

## 3. چۆن زانیارییەکانت بەکاردەهێنین؟

**زانیارییەکانت تەنها بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە بەکاردەهێنرێن:**

- جێبەجێکردنی پرۆسەی بەخشین و تۆمارکردنی وەسڵی فەرمی.
- ناردنی نوێترین زانیاری و فیدباکی ڤیدیۆیی و وێنەیی دەربارەی ئەو پرۆژانەی هاوکاریت تێدا کردووە. وەڵامدانەوەی پرسیار و داواکارییەکانت.
- جێبەجێکردنی ئەرکە یاساییەکان بەرامبەر بە فەرمانگەی باج و کۆمەڵە خێرخوازییەکان (Charity Commission).

## 4. پاراستنی داتا و زانیارییەکان

ئێمە سیستەمێکی ئەمنی توند بەکاردەهێنین بۆ ڕێگریکردن لە هەر دەستڕاگەیشتنێکی نایاسایی بە زانیارییەکانت. ڕێکخراوی هیوا بە هیچ شێوەیەک زانیارییە کەسییەکانت نافرۆشێت، بە کرێ نادات، و نایدات بە هیچ لایەنێکی سێیەم بۆ مەبەستی بازرگانی یان ڕیکلام.

## 5. مافە یاساییەکانی تۆ

**بەپێی یاسا، تۆ خاوەنی ئەم مافانەی خوارەوەیت:**

- مافی بینینی ئەو زانیارییە کەسییانەی لای ئێمە پارێزراون.
- داواکردنی ڕاستکردنەوەی هەر زانیارییەکی هەڵە یان کەم.
- داواکردنی سڕینەوەی زانیارییەکانت لە سیستەمی ئێمە.
- ڕاگرتنی ئیمەیل و نامە ئاگادارکردنەوەکانمان لە هەر کاتێکدا بێت.

## 6. پەیوەندی

بۆ هەر پرسیارێک یان داواکارییەک سەبارەت بە زانیارییە کەسییەکانت، تکایە لە ڕێگەی ئەم ئیمەیڵەوە پەیوەندیمان پێوە بکەە:

Email

# Terms & Conditions

به بەکارهێنانی ماڵپەڕی ڕێکخراوی هیوا یان ئەنجامدانی پرۆسەی بەخشین، تۆ ڕەزامەندی دەدەیت لەسەر پابەندبوون بەم مەرج و ڕێسایانەی خوارەوە. ئەم مەرجانە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان بەخشەر و ڕێکخراوە بەپێی یاسا کارپێکراوەکان.

1. پرۆسەی بەخشین

- هەموو ئەو بەخشینانەی لە ڕێگەی ماڵپەڕەکەوە دەکرێن، وەک **بەخشینی هەمیشەیی** هەژمار دەکرێن و بۆ پشتگیریکردنی پرۆژە خێرخوازییەکانی ڕێکخراوی هیوا بەکاردێن.
- بەخشەر بەرپرسە لە پێدانی زانیارییە دارایییە دروستەکان و بەکارهێنانی ئەو کارتە بانکییانەی کە مۆڵەتی فەرمی بەکارهێنانیان هەیە.

2. سیاسەتی گەڕاندنەوەی پارە

**بەپێی یاسای ڕێکخراوە خێرخوازییەکانی بەریتانیا، بەخشینەکان ناگەڕێنرێنەوە .تەنها لەم بارودۆخانەدا نەبێت:**

- ئەگەر بە هەڵە بڕێکی زیاتر لەوەی بەخشەر مەبەستی بووە کەم کرابێتەوە و لە ماوەی ٧ ڕۆژدا ئاگادارمان بکاتەوە.
- ئەگەر بەڵگەی تەواو هەبێت کە کارتەکە بەبێ ڕەزامەندی خاوەنەکەی یان بە نایاسایی بەکارهێنراوە.

3. مافی خاوەندارێتی

هەموو ناوەڕۆکی ئەم ماڵپەڕە، لەوانە (دەق، لۆگۆ، وێنە، ڤیدیۆ و ڕاپۆرتەکان) موڵکی تایبەتی ڕێکخراوی هیوایە. بەکارهێنەر بۆی نییە بۆ مەبەستی بازرگانی یان بڵاوکردنەوە سوودیان لێ وەربگرێت بەبێ ڕەزامەندی نووسراوی فەرمی ڕێکخراوەکە.

4. ئاسایشی ماڵپەڕ و بەکارهێنانی دروست

**پاراستنی ئەمنی :** هەر هەوڵێک بۆ تێکدانی سیستەم، هاککردن، یان دەستڕاگەیشتن بە زانیارییە کەسییەکان بە توندی قەدەغەیە و ڕێکخراو مافی پەنابردنە بەر ڕێکاری یاسایی دەبێت.

**بەکارهێنانی دروست :**ئەم ماڵپەڕە تەنها بۆ خزمەتی مرۆیی دروستکراوە. هەر بەکارهێنانێکی نایاسایی یان بڵاوکردنەوەی ناوەڕۆکی نەشیاو کە زیان بە ناووبانگی ڕێکخراوەکە بگەیەنێت، ئەوە ڕێکخراو مافی ئەوەی دەبێت ڕێگری بکات لە بەکارهێنانی ماڵپەڕەکە لەلایەن ئەو کەسەوە

**بەرپرسیاریەتی :** ڕێکخراوی هیوا هەموو ڕێکارێکی تەکنیکی دەگرێتە بەر بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر هێرشێکی ئەلیکترۆنی کە زیان بە سیستەم یان بەخشەران بگەیەنێت.

5. هەمووارکردنەوەی مەرجەکان

ڕێکخراوی هیوا مافی ئەوەی هەیە لە هەر کاتێکدا ئەم مەرجانە نوێ بکاتەوە. هەر گۆڕانکارییەک کە لەسەر سایتەکە بڵاوکرایەوە، یەکسەر دەبێتە بڕیار و جێبەجێ دەکرێت. ئەگەر دوای گۆڕانکارییەکان بەردەوام بیت لە بەکارهێنانی سایتەکە یان بەخشین بکەیت، بەو مانایەیە کە تۆ ڕازیت بە مەرجە نوێیەکان.

6. یاسای پەیڕەوکراو

ئەم مەرجانە بەپێی یاساکانی **ئینگلتەرا و ویلز** داڕێژراون. هەر کێشەیەکی یاسایی پەیوەست بە بەکارهێنانی ماڵپەڕ یان بەخشینەکان، تەنها لە دادگاکانی بەریتانیا یەکلایی دەکرێتەوە.

# ڕێنمایی تەکنیکی بۆ جێبەجێکردنی Gift Aid لە فۆرمی بەخشین

پێویستە خانەی **Gift Aid** بۆ فۆرمی بەخشین زیاد بکرێت بەم مەرجە تەکنیکیانەی خوارەوە:

## 1. UI

- خانەی Gift Aid تەنها کاتێک دەربکەوێت کە بەخشەری وڵاتی **UK** هەڵدەبژێرێت.
- ئەگەر بەخشەر (Checkbox)ی لە خانەی Gift Aid دا، دەبێت دوو خانەی تری بۆ بکرێتەوە کە پڕکردنەوەیان (Required) :
  - Home Address
  - Postcode

## 2. دەقی یاسایی ناو فۆرمەکە

لە تەنیشت خانەی (Checkbox) ئەم دەقە دابنێ:

I want to Gift Aid this donation and any donations I make in the future or have made in the past 4 years to **Hope Humanitarian Relief Organization.** I am a UK taxpayer and understand that if I pay less Income Tax and/or Capital Gains Tax than the amount of Gift Aid claimed on all my donations in that tax year, it is my responsibility to pay any difference.

## 3. Database Requirements

لە کاتی هەڵبژاردنی Gift Aid ، دەبێت ئەم زانیارییانە لە داتابەیس هەلبگیرێت بۆ هەر ترانزاکشنێک:

**gift_aid_status**

**full_name**

**home_address**

**postcode: (UK Postcode)**

**donation_amount**

**donation_date**

## 4. Admin Panel

- لە بەشی ڕاپۆرتەکان، پێویستمان بە فلتەرێکە کە تەنها ئەو بەخشینانەم نیشان بدات کە **Gift Aid = True**
- پێویستە دوگمەیەک هەبێت بۆ ( Export )ی ئەم زانیارییانە بۆ فایلی **Excel** یان **CSV**، بە شێوەیەک کە ئەم ستوونانەی تێدا بێت *(First Name, Last Name, Address, Postcode, Amount, Date)*:

**تێبینی :** ئەم زانیارییانەی پەیوەستن بە Gift Aid زۆر هەستیارن. پێویستە هەموویان بە وردی هەلبگیرێت ، چونکە لە کۆتایی ساڵی دارایی بەریتانیادا، دەبێت ئەم لیستە وەک فایلی Excel پێشکەشی فەرمانگەی باجی بەریتانیا (HMRC) بکەین بۆ وەرگرتنەوەی باج.

# سیستەمی ئۆتۆماتیکی ئیمەیڵ

پێویستە سایت بەم شێوەیە ڕێکبخرێت کە لە دوو کاتی جیاوازدا ئیمەیڵی ئۆتۆماتیکی بۆ بەخشەر بنێرێت :

1. دوای بەخشین ( یەکسەر )

هەر کاتێک پرۆسەی بەخشین بە سەرکەوتوویی کۆتایی هات. سیستەمەکە دەبێت ئیمەیڵێکی سوپاسگوزاری بنێرێت کە تیایدا:

- ناوی بەخشەر و بڕی پارەکە بە شێوەی (Dynamic)
- هاوپێچی فایلی وەسڵی پارەدان (Receipt PDF)

**تێبینی :** ئەگەر بەخشەرەکە Gift Aid ی هەڵبژاردبوو، دەقێکی تایبەت بەو بابەتە لە ناو ئیمەیڵەکەدا دەربکەوێت .

2. سیستەمی فیدباک و ڕاپۆرت

کاتێک پرۆژەیەک لە Admin Panel دەگۆڕدرێت بۆ (Completed) پێویستە ئیمەیڵێکی دەستەجەمعی بۆ هەموو ئەو بەخشەرانە بنێرین کە هاوکاری ئەو پرۆژە دیاریکراوەیان کردووە.

**ناوەڕۆکی ئیمەیل:** ئەم ئیمەیڵە دەبێت ( وێنە، ڤیدیۆ، و لینکی ڕاپۆرت PDF )ی تێدا بێت تا بەخشەر ئەنجامی کارەکە ببینێت.

# پێکهاتەی وەصل

## Header

- لۆگۆ
- ناونیشان
- UK Registered Charity No
- Email
- Web

## زانیارییە سەرەکییەکان

**Receipt Number**

**Date of Issue**

**Donor Name**

## وردەکاری دارایی

**Donation Amount**

**Project Name**

**Payment Method**

## ئەگەر Gift Aid هەلبژاردرابوو

ئەم ڕستەیە بە تۆخی بنووسرێت:

**Gift Aid Claimed:** Yes (+25% at no extra cost to you)

## Footer

واژۆی ئەلیکترۆنی (Electronic Signature) و مۆری ڕێکخراو.

*Thank you for your kindness. This receipt confirms your contribution to our humanitarian mission."*